# لە مەملەکەتێکی گەندەڵدا شوێنێك بۆ نۆستالژیا نامێنێتەوە



جەمال پیرە

چاك دەزانین کە ئینتیما بۆ خاكو ولاّت مافێکی سروشتی هەر ئینسانێکە، هەموو مرۆڤێك بۆی هەیە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەڵگری خەمی ولاّت بیّو بیەویّ قەستی هێنانەدی ئەو کەشە لەبارە بکا کە دەکریّ ئیحایەك بە چەکەرەبوونی ئاسودەیی بدات، یان بە جۆرێکی تر ئاساییە هەموومان پەی بە نهێنییەکانی ئیرادە مۆنۆپۆلکەرەکان ببەین لەسەر سەرجەم ئاستەکاندا، ئێمە رووبەڕووی هەرچیو چۆن گۆڕانو پێشکەوتنێك ببینەوە، هەر دەبیّ ئەوەمان لەبەرچاو بیّ کە هاوولاّتی مەملەکەتێکین لەبەردەم زیندوویی ئیرادە سەرکوتکەرەکاندا بۆبەردەوام بەیەکەوە دەتلێینەوە، هەڵبەتە دەرەنجامێکی یەکجار نێگەتیڤ چاوەڕێی ئایندەی هەر نیشتیمانێكو سەرزەمینێك دەکات گەر دووچاری پەتای گەندەڵیی بوویّ، سیّرەی مەبەستیشمان ئەو حاڵەتە نائومێدەی گەندەڵییەی ولاّتی خۆمانە، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی راستەوخۆ بەر پروشکەکانی ئەم پەتایە دەبینەوە بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە حاڵەتێکە پێچەوانەی سەرجەم رێڕەوو پرۆگرامێکی مرۆییە، دژ بە سەرجەم بەها ئینسانییەکانەو بۆنی فەنابوونی لیّدیّ، بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانەی خۆیدا هەراسانترینو نائومێدترین ساتەوەختی خولّقاندووە، گەر بمانەویّ ئەم ولاّتەی خۆمان بە جەستەیەك بشوبهێنین گەندەڵی خوێنبەربوونە لەم جەستەیەدا، پەتایەکی کوشندەیە گەر زوو چارەسەر نەکریّ دەیکوژیّ، هەمیشە دەبیّ لەوە دڵنیابین کە ئەمڕۆکە ئەم نەخۆشییە بەتەنها قسەی سەر کاغەز نییە ئەوەتا بەرپرسەکان خۆیان بە ئاشکرا دان بە بوونی گەندەڵییدا دەنیّن، ئەگەرچی پرسیاری ئێمە لەسەر بوون یا نەبوونی گەندەڵی نییە، چونکە زەڕڕەیەك گومان لە بوونی گەندەڵی کوردییدا نەماوە، بەلاّم پرسیاری گەورە لێرەوەیە ئاخۆ چۆن رووبەڕووی

ئەم پەتایە ببینەوە؟ هەڵبەتە گەر یەکێ بیەوێ بە وردی لەمەترسییەکانی سەر وڵاتی خۆی بکۆڵێتەوەو ئاگاداربێ، لەو راستییە دەگات کە تیرۆرو گەندەڵی دوو مەترسین بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا، دوو رێگری گەورەی بەردەم کرانەوەو پێشڤەچوونی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمەن، من پێموایە چۆن بابەتی تیرۆر لە راگەیاندنەکاندا بایەخێکی پێدراوە کە لەئاستی پێویستدا نەبووە بەلاّم تاڕاددەیەك لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا تەوەرو دۆسێی بۆ کرایەوە، ئاواش پێویستە بە رۆحیەتێکی گەرموگوڕانەتر گەندەڵی بکرێ بە بابەتێك بە شێوەیەك کە لە ئاستی تیۆریزەکردنەوە درێژە بکێشێ تا ئاستە پراکتیکییەکەی، چونکە مەترسییەکانی گەندەڵیی هیچی لە مەترسییەکانی تیرۆر کەمتر نییە ئەگەر زێدەتریش نەبێ.
ئاشکرایە ئەوەی کە رێگەخۆشکەرە بۆ بەردەوامیی گەندەڵیی لە کوردستاندا ئیرادەی حیزبو بەرپرسانییەتی، یەکنەگرتنەوەی ئیدارەکانو نەبوونی لێپێچینەوەی یاساییە بۆ گەندەڵکار، ئەوەی ئێستایش چاوەڕێ دەکرێ وادیارە تەمەندرێژبوونی ئەم حاڵەتەیە، ئێمە چواردەساڵە ئازادین لەم چواردەساڵەدا دوانزە ساڵ بەیەکەوە نینو هەڵناکەین، حەوت ساڵ بڕیار دراوەو رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی کەوتۆتە نێوان هێزە گەورەکان، بۆ تێکەڵبوونەوەی هەرچی زووە، خەڵکی کوردستانیش لەوساوە لە حاڵەتی دەروونیو وەهمی یەکگرتنەوەدا دۆشداماوە، لە راستیدا درێژدادڕکردنی تەمەنی پەرتەوازەیی خۆی لەخۆیدا بەردەوامیدانە بە گەندەڵیی، نەبوونی ئیرادەیەکی بەهێزی ئاسودەکردنی خەڵکی کوردستان وایکردووە کە چیتر ئەم خەڵکە ئەوە نەبێ ئەوەی کە لە رابردوودا وابووە ، چیتر هەڵگری خەمە گەورەکەی خۆی نەبێ بۆ نیشتیمان، چیتر لاوی کورد لێرەوە بۆنی نیشتیمانێك نەکاتو قوربانی بۆ نەدات کە مافو ئازادییەکانی لێزەوتکردبێ، چیتر خەڵکی بەلێشاو نەچێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان وەکو بینیمان، ئەگەر هەزار جاریش مەسەلەکان چارەنووسسازبن، بۆیە تا دێت مەترسییەکان قوڵتروگەورەتر دەبنەوە، رەنگە ئێستا بوارێك مابێ بۆ خۆدەربازکردن لەم قەیرانە بەلاّم کە دەرەنگبوو بواری خۆدەربازکردنیش نامێنێو بۆ تا هەتایە دەستەمۆ دەبین,,,,

jamalpira@yahoo.com